پەلە بکەن لە ئەنجامدانی نوێژی وتر پێش (کاتی بانگدان بۆ) نوێژی بەیانی

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەلە بکەن لە (ئەنجامدانی نوێژی وتر پێش (ئەوەی کاتی بانگدان بۆ) نوێژی بەیانی (بێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: سونەتە نوێژی وتر دوابخرێت بۆ کۆتایی شەو، بەڵام پێویستە ئەو کەسەی دوایدەخات بۆ کۆتایی شەو ڕەچاوی ئەوە بکات کە لە پێش بانگدان بۆ نوێژی بەیانی؛ نوێژی وتر ئەنجامبدات، چونکە کۆتا کاتی ئەنجامدانی شەو نوێژ پێش دەرچوونی ئاسۆی بەیانە (پێش بانگدانە بۆ نوێژی بەیانی)، ئەگەر ئاسۆی بەیان دەرکەوت وبانگ درا ونوێژی وتری نەکردبوو ئەوا فەرزڵ وپاداشتی ئەنجامدانی نوێژی وتری لە دەستی خۆی داوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3655